# یادی کەمانچەیەکی تەنیا
# قادر دیلان؛ لەدوای مەرگیشی ئاواتەکەی نەهاتەدی!



ئەو دەمانەی موزیك و موزیسیان بەچاوێکی راستەقینە سەیرنەدەکران و ئاسۆی ڕۆشنبیریی کوردیی بۆ تێگەیشتن لە شا رستا نیە ت زۆر تەسك بوو ، ئەو و کۆمەڵێك سەربازی وون هونەری موزیکیان کردبووە چەکی خەبات بۆ بەرەو پێشچوونی کورد ، ئاوازو سروودی نەتەوەیی نەورۆز و موزیکەکانی (سکالا، گەلاوێژ، فریشتە، مەولەوی) سەرەتاکانی ئەو بوو، لەبواری بەزانستکردنی موزیکی کوردیشدا ئەو لەپێشەنگەکان بوو، تێکەڵکردنی موزیکی باخ و کوردی کارێکی دیکەی ئەو بوو کەزیاتر لە(١٢٠) ژەنیار بەشداری تێداکرد ، بەڵام ئەفسوس وەك هەموو موزیسیانە گەورەکانی دنیا و زۆربەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد بەتەنیا و بەبێدەرامەتی لەدووره وڵات لە(١٨/٣/١٩٩٩)دا کۆچی دواییکرد کە تەنها دوا ئاواتیشی نەهاتە دی، کەهێنانەوەی تەرمەکەی بوو بۆ خاکی کوردستان بەناوی خۆم و هەموو موزیسیانەکانی کوردەوە داواکارم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە ئاواتەکەی بهێننە دی ،هەزاران سڵاو لەخۆت و هونەرە زیندووەکەت ئەی مامۆستا قادر دیلان.



**نیاز نوری مەلا مەحمود**
soziawaz@ yahoo.com